عەبدوڵڵا سەمەدی

## بۆ دەریا

لە بۆشاییی فەزایەکی بێپایان و ئەوپەڕ نەبینراوا، تارمایی کاکێشانێك و، لە کەلێنێکی ئەو تارمایییەدا، وردیلە گۆیەك و، لە سەر ئەو وردیلە گۆیەدا، پەڵە زەوییەکی سەرگەردان و بێچارەنووس و، لە قوژبنێکی ئەو پەڵە زەوییەدا، خاڵێك و، لە سینگی ئەو خاڵەدا، پرزۆڵەیەکی لە ژمار نەهاتوو بە ناوی دڵ، کرووشم هەڵاتووی کونجی ڕکەی پەراسوو، دەکوتێ و دەدوێ...  و لە بن چەو و زیخەکانی تەختی کانی، تنۆك تنۆك دڵۆپەی لە گوێن ڕوندك، دەزێ و بە بریقەی داوە دەزووی ڕێگایەکی لە زێوی قاڵ بە بنبەرد و ژێر چیمەنا، دەخوشێ و تێکەڵ بە جۆباری بەفراوەکانی داوێنا دادەگەڕێ و دەخزێتە ئامێزی ڕووبار.

ڕووبار لە بەردەڵانی دۆڵێکی قووڵا، لە خەستیی تاریکایی شەوەزەنگا، بە شوێن ونکردوویەکی نادیار، دەهاژێ و داژوێ و سەر لە گاشە دەسوێ و لە بوولێڵی بەیانییەکی تەماوییا دەکەوێتە پێدەشتێکی بێسنوور و بە ناو مژا وەنەوز ئەدا و هێدی هێدی لە سەر سینگی دەریا ئارام دەگرێ و لە ئێوارەیەکی بێدەنگا دەتوێتەوە.

ئەوە کاتژمێرە ڕەڵمینەکەی زەمانە، لە بۆشایی پشت کاکێشانەوە تاپرزۆڵە، و لە تنۆکەفرمێسکەوە بۆ دەریا...

چ ساردە شۆقی نیگای ئەستێرەکان و چ بچووکە دەریا لە سەر ئەم  وردیلەگۆیە ! !